## دەسڵاتی تازەسەر پێ کەوتوی کوردستان لەگەل ستەمکارو دیکتاتۆرەکان نایەتە ژماردن! ... جەمال فەتاح

کەسێک بەناو یان نازناوی زمناکۆعەبدوڵڵا خۆیکردووە بەپاشگرو پارێزەری هەندێک کاڵفام وکۆڵەنوسەری سایتی ئیتلاعاتپۆست وەک هیوا گوڵمحەمەدی. زمناکۆناوەکە لەلەنوسینێکی زۆر بێتام وبێسەروبەردا هاتووە هەرچی ڕاستی هەیە ئاوەژۆی کردووەو بەبێ باج نوسیویەتی بۆیە پێم باشە هەندێک لەو وڕاوانەی ئەوکاک زمناکۆ شیبکەمەوە بۆخوێنەرانی بەڕێز بۆئەوەی هەرچی زیاتر لەهزری دواکەوتوانەی ئەوجۆرە کۆڵە نوسەرانە تێبگەن زمناکۆ ئەڵێت:کێشەی هەرەگەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (کەزۆرێکی لەسەر وتراوەو دەوترێت) ، دیکتاتۆریەت وتاک ڕەویە لەلایەن هێزە حوکمڕان ودەسەڵاتدارە کانەوە، هەروەها لەسەری دەڕواو ئەڵێت:لەمپەڕ تاوەکو ئەوپەڕی نیشتمانی عەرەبی ئەوەبۆ چەندین ساڵ دەچێت، تەنها چەند دەموچاوێکی قیزەون بەڕێوەی دەبەن، . دیارە زمناکۆ لەم باسەیدا ئەودەسەڵاتە ستەمکارو دیکتاتۆرانە لەگەل دەسەڵاتی کوردستانی باشوردا وێک ئەجوێنێت بۆیە کەم وکوڕی ودەبەنگیەکە لێرەدایە، ئاوەزی کەسێکی نەتەوەیی وتێڕامانی بۆکێشەی نەتەوەکەمان لەگەل بیروئاوەزی کەسێکی تێنەگەشتوو لەکێشەی نەتەوەکەمان جیاوازیەکەی ئەم چەند خاڵەیە کوردێک بێتو قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆی تازەسەر پێکەوتووی بەدوژمن دەورەدراو لەگەل ستەمکاران ودیکتاتۆرەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەیەک چاو سەیر بکات وبەبێجیاکار بیان بینێت ئەمە تەسک بینی ونەفامیە کەسێک یان بەناوکوردێک بێتو کوێرە دەسەڵاتێکی نیشتمانێکی پارچەپارچە کراو کەئەویش هێشتا سەرپێی خۆی نەکەوتووە بەدەسلاتی جیهانی عەرەبی شۆڤێنیست زەدەو کۆنەپەرست زەدەو ئیسلام زەدە بنرخێنێت ولەپاڵ یەکیان دابنێت وبەیەک چاوی کوێر سەیریان بکات ئەمەیە دەبەنگی. بەدرێژای مێژوی چەرخەکانی ناوەڕاستو سەردەمی کورد هەمیشە ژێردەستو تەپەسەر بووبێت لەپێناوی سەر بەستیدا بەدەریا خوێنی ڕشتبێت ئێستا لەپارچەیەکی ئەونیشتمانە شەقوپەق کراوەدا تاکە چرایەک بۆسەر بەستی ئەونیشتمانە هەڵکرابێت هەرچوار لای ئەوچارایە بەڕەشەبای سەرشێتو کاولکەری دوژمنانی نەتەوەی کورد گیرابێت کەچی خەڵکانێک هەبێت خۆیان ناونابێت کورد بەڵام شانبەشانی ڕەشەبای داگیر کەران بەرد بگرنە ئەوچرایە وبیانەوێت ئەوەی چراکەی هەڵکردووە وئەوەش پارێزگاری لێئەکات بەخیاڵی پوچیان لەکەداری بکەن ئەمەیە دەبەنگی ئەم خەسڵەتانەیە بیانەوێ ونەیانەوێ ئەیانخاتە خانەی تاوان وناپاکی بەرانبەر گەلو نیشتامان، . من هەرگیز ناڵێم لەکوردستان کەموکوڕی نیە یان گەندەڵی ئیداری نیە یان کەسانی شیاو لەجێگای شیاو دانراون یان سەدا سەد دیموکراسی هەیە یان مافی هەموکەس دراوە یان دزی ناکرێت یان کەس تاوانەی لێنەکراوە، بەڵکو هەمووئەم شتانە هەیەو بەزیادیشەوە. بەڵام ئەو قەوارەیەی کوردستانی باشور سەرەڕای گشت کەموکوڕیە کانی تاکە چرای نەتەوەکەمانە ئەگەر ئەمجارە خامۆش بکرێت ئیتر هەڵکردنەوەی بۆدێر زەمان محاڵە بۆیە ئەرکی سەر شانی هەرکوردێکە بەرگری لێبکاتو بەخوێنی خۆی بیپارێزێت، سبەینێکانیش گەرهاتو مەترسی لەناوچون لەسەر ئەوقەوارە بچوکە نەما ئەوکاتە هەر کوردێک مافی خۆیەتی داوای مافی خۆی بکات وڕەخنەبگرێت وهتد. . ، لەلایەکیتر من لەگەل بیرو ڕای ئازاد دام لەگەل ڕادەر بڕینی ئازاد دام بەڵام بیرو ڕای ئازادو ڕادەر بڕینی ئازادماناوی ئەوە نادات کە نەتەوەیەک بەدرێژایی یەک سەدە خەباتی کردووە تاکو قەوارەیەکی بچوکی بۆبەدەست هاتووەو پێکەوە ناوە من بەناوی ئازادی ڕادەر بڕینەوە پلاری نابەجێی

تێبگرم ووەک هەر دوژمنێک دژی بەر پرسانیبم یان ئەم کۆڵە مارکسیانە وەک ئەوەیان لێبەسەر هاتوە کە ئەڵێت شیر وا لێرەدیارە کەچی ئەوان بۆ ڕچەکەی ئەگەڕێن. پێیان وایە لەبەر ئەوەی جەنابیان کۆڵە مارکسین ئیتر ئەبێت پارتە نەتەوەیی ونیشتمان پەروەرەکان دژایەتیان بکرێت وەچونکە جەنابیان لەکوردستان حاکم نین ئیتر ئەبێت پارتە نەتەوەیی ونیشتمانیەکان ڕیسوابکرێن ونەمێنن ودوای ئەوان جەنابیان بێن لەکوردستان حوکم ڕانی بکەن. کەئەمەش لەخەیاڵیکی سەر شێتانەی ڕادیکالانە تێپەڕێت هیچیتر نیە. بۆیە نابێت لەپێناوی بەرژەوەندی گروپێکی بچوکدا کوردو پیرۆزیەکانی وبەرێوەبەرانی ئەوقەوارە بچوکەی کوردستانی باشور بدەینە بەر تەوانجو بوختانی ناڕەوا. یان ئەوە قەیناکات سەرانی کوردستانی باشور کەئێستا ماون ولەژیاندان هەرکەس بۆی هەیە ڕەخنەی دروستکەرانەو کوردانەیان لێبگرێت ولەسەر مافی گەلەکەمان دەست بەچاویاندا بکات، بەلام بارزانی نەمر بۆ؟؟!!. بەلام نەک لەبەر ئەوەی جەنابی ئەو کۆڵە نوسەرانە دەسەلاتیان لەکوردستان نیە ئیتر هەموشت لەخۆیان ولەکورد خراب بکەن وڕاستیەکان بەئاوەژۆ نیشانی خەڵکی بدەن. لەلایەکیتر ئایا سەرەڕای ئەو گشت ستەم وتاوان وگەندەڵیەی دەسەلاتی ئیسرائیل لەتاکە یەهودیەک ئەبیستن لەسەرانسەری جیهاندا چی بەنوسین وچی بەوتن بڵێت قەوارە ئیسرائیل خراپە، یان هەر ئەو عەرەبانەی کەکاک زمناکۆ بەنمونە هێناویەتی و22 دەوڵەتی عەرەبی لەگەل ئەوقەوارە بچوکەی کوردستانی باشوردا خستووەتە تای ترازویەک ئێستاش لەتاکە عەرەبێک نابیستی باسی یەکێک لەسەرانی عەرەب بەخراپەبکات جەگە لەئیخوانین مسلیمینی میسرکەئەوانیش شێتی کورسیەکەی حوسنی مبارەکن بۆیە باسی خراپەی موبارەک ئەکەن، . لەلایەکیتر ئەم کاکە زمناکۆیە بوختان ڕیز ئەکاتو ئەڵێت بوایە من دژی کوردی پارچەکانی ترم لەمەشدا ئەم برادەرە سەدان میتر کورتی هێناوە من ئەڵێم نوسەران ورۆشنبیرانی باشوری کوردستان سەرەڕای ئەوگشت کەمو کوڕی وناهەمواریەی لایەنە شۆڕشگێڕە کانی پارچەکانی کوردستان بەلام لەتاکە کوردێکی باشوری کوردستان نابیستی تاکە دێڕێک بەخراپە یان ڕێگا بەخۆمان نادەین بەتەنها وشەیەک باسی سەرکردایەتی و لایەنە شۆڕشگێڕەکانی پارچەکانی تری کوردستان بکەین بەخراپە. ئیتر نازانم کاهیوا گوڵ محەمەدی وەک تاکە کوردێکی پارچەکانی تری کوردستان بۆچی گالی تالی خۆی تێکەلی کۆمەڵێک دەرون نەخۆشو گومانلێکراوو پاتاڵ کردووەو شمشێری کولی خۆی لەسەر کردایەتی سیاسی کوردستانی باشورو لایەنە شۆڕشگێڕەکانی هەڵکێشاوە ئەوەهەقە خۆی وەلام بداتەوە.

لەبارەی ڕەخنەی دروستکەرانەو کوردانە نەک درۆ هەڵبەسراوی پڕوپوچ ئەوەڕۆژانە چەندین نوسەری دڵسۆزو نیشتمان پەروەرو بەهەڵوێست لەسەر ڕۆژنامەکان وسایتەکان دەیان وتاری ڕەخنەئامێز بلاو ئەکەنەوە کە من لەگەل ڕای زۆربەیان ڕێکم هەتا هەندێکیان هێرشو وتەی توندیش دەنوسن دەزانم ڕەخنەو سەرنجەکانیان کوردانەیەو بۆبەرژەوەندی کوردە منیش لەگەلیاندام وپشتگیریشیانم بەلام جنێوو بوختان ووتەی نابەجێ نەرۆشنبیریەو نەبۆبەرژەوەندی کوردەو جگە لەدوژمنانی کورد کەس کەڵکی لێوەر ناگرێت.

لەکۆتاییدا بەکاکە زمناکۆ ئەڵێم بائەو کۆڵەنوسەرانە خۆیان وەلام گۆی هەڵەکانیان بن نەک جەنابت چونکە نەسایتی کوردستاننێت دادگایەو نەجەنابیشت پارێزەر. وە دڵنیابە من مووچە خۆری هیچکەسو لایەنێک نیم وپارێزەری کەسیش نیم لەویژدانی کوردانەی خۆم وبەرژەوەندی بالای نەتەوەکەم زیاترهیچ مەبەستێکی ترم نیە. . .

جمال فتاح

2005/9/23